## ئیتلاعاتی ئێرانی لە کوردستانەوە بۆ عەرەبستان ... (ئازاد عەلی)

لای هەمۆ ئاشکرایە دانیشتوانی ووڵاتی ئیران لەو نەتەوانەن کە زۆر هیمنن بە فارس و کوردو تورك و عەرەب و نەتەوەکانی تریش بە تایبەتی ئەوانەی مەزهەبی شیعەن شیعەش لەو کۆمەڵگایەن کە دەتوانم بە هیمن ترین خەڵکیان دا بنێم لەو ناوچەیەدا زۆر نهینی خۆیان دەپاریزن هەمۆ شتیك لە پیناوی گەیشتن بۆ ئامانجەکانیان ئامادە دەکەن هەر کات دەسەڵاتیان هەبۆ ئەوە زۆر زۆ رۆ بە رۆی هەمۆ کەس دەبنەوە
پەیوەندی کوردی کوردستانی باشور لەگەڵ دەسەڵاتدانی ئیران پەیوەندیەکی زۆر کۆنە دەتوانم لە شۆرشی خوا لێخوش بۆ مەلا موستەفاوە باس بکەم کە باشترین پەیوەندی لە گەل دەسەڵاتدارانی ئیراندا هەبۆ تا ئەو رۆژەی شۆرشەکە (شکستی بەسەر هات یا نسکۆ بۆ) هەر کە بەرژەوەندی ئیران هاتە کایەوە بە بێ گۆیدان شۆرشی بە بەرزانی تێك داو بڵاوەی پێ کرد دەبێ یەك خاڵمان لە بیر نەچێت تاکە ووڵات لەو ناوچەیەدا کە هاوکاری کوردستانی باشوری کردووە ئیران بۆوە ئەمەش دەگەریتەوە بۆ ئەوەی کوردەکانی کوردستانی رۆژ هەڵات هەردەم پشت و پەنای کوردستانی باشۆر بونە هاوکاری کردنەکەش بە بێ ئاگاداری دەسەڵاتی ئیرانی بووە زۆریش لەو کوردانەی رۆژهەڵات تۆشی هەزاران کێشە بوونە بە هەزان لەو کوردانەی رۆژ هەڵات شان بەشانی باشور خەباتیان کردووە بەرامبەر ئەم هاوکاریەی کورد لە ئیران دەسەڵاتی تاران بە ناچاری بۆ بەرژەوەندی خۆی هاوکاری جولانەوەی کوردی باشۆری کردووە بەم هاوکاریە بە زۆری دەسەڵاتدارانی ئەحزابی کوردی باشۆر وەك دیلیك کەوتونەتە ژێر رەحمەتی دەسەڵاتی ئیران کۆمەڵیکیان بۆ سافاك کاریان دەکرد ئێستاکەش بۆ ئیتلاعات کار دەکەن ناشتوانن واز بهینن لەو جاسوسیە زۆر لە سەرکردەی حزبەکانی باشۆر فایلی ئیتلاعاتی ئیرانیان هەیە بۆیە هەر کات ویستیان واز بهینن ئەوە وەك فایلەکانی ئیراق ئاشکرایان دەکەن هەرجەندە ئەو کەسانە ئاشکران ئەوەی زیاتر لە پاش راپەرینەوە ئاشکرایە لە گۆرەپانی بە ناو ئازاد لە کوردستاندا ئیتلاعاتی ئیرانی بە ئاشکرا سەدان رۆلەی قارەمان و تێکۆشەری رۆژهەڵات تیرور کردووە لەناو ئەو شارانەی لە ژێر دەسەڵاتی حزبە کوردیەکاندایە وە بە زۆری بە هاوکاری ئەو حزبانە کراوە چ بە دەستی ئیتلاعاتە ئیرانیەکان یا بە دەستی کوردە سیخۆرەکانی باشور بە بێ ئەوەی ئەو حزبانە یەك بەیانامەیەکیش دەر بکەن دژی تیروری کورد بە دەستی ئیتلاعات هەر کەسیکیش بەند کرابی ئەوە بە یەك کاغەزی ئیتلاعات ئازاد کراوە لە باشور ئیتلاعاتی ئیران بە تەواوی کونترولی کوردستانی کردووە لە سالێ 1991 ئەمریکاو ووڵاتە بیانیەکان لەم کارە بێزارن زۆر جاریش رۆ بە رۆێ سەرکردەی حزبەکان بونەتەوە یەکی لەو خالانەش ئەمریکا پیێ نیگەرانە پەیوەندی دەزگا جاسوسیەکانی کورد بە ئیرانەوە بویە ناتوانن خۆیان ئازاد بکەن لە فایلەکانیان دەترسن ئیران ئاشکرای بکات هەمۆ ئەم کیشانە ئیستاکە بەرەو عەرەبستان چووە لەلایەن ئیرانەوە وە هەمۆ دەسەڵاتیکی ئیرانی سەرانسەری ئیراقی گرتۆتەوە ئەمەش بۆتە هۆی نیگەرانی ئەمریکاو بەریتانیا بە زۆری دەسەڵاتدارانی حکومەت و ئەحزابی ئیراقی بەرنامەیەکی ئیرانی جێ بە جێ ئەکەن ئەو هەرەشەیەی ئیران بەرامبەر بە دونیا ئەوەیە کە ئیران بۆ خۆی دەزانی چێ هەیە لە ئیراق ئەگەر زیاتر تۆندو تیژی بەرامبەر ئیران بکرێت ئەوە بە هەزاران کەس لە لایەن ئیرانەوە دەکەونە کۆشتنی ئەو بیانیانەی ئیراق ئەمەش گەورەترین کێشە دروست دەکات وە بەرنامەی (شەرقی ئەوسەت) شکست دێنی لە ئیراقەوە